| پەنجەمۆر | بابەت: جوگرافیا / کات: 3:00 کاتژمێر | بەناوی خودای گەورە | حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق |
|---|---|---|---|
| A | وەڵامی نموونەیی | | وەزارەتی پەروەردە - لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان |
| | ساڵی خوێندنی 2023- 2024 خولی یەکەم | | تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی ) |

SN: 00001

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە، ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

1. ئاژەڵی ئەلیاك بە خێودەکرێت لە :

A) ناوچەی تەندرا B) بەرزاییەکانی ئاسیای ناوەڕاست C) چیاکانی ئەندیز D) ئالاسکا

2. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( 1 ) ئاماژەیە بۆ:

A) نیمچە دورگەی لیبرادۆر B) دورگەی ئایسلاند C) نیمچە دورگەی کەمشتکا D) نیمچە دورگەی ئیبیریا

3. یەکێکە لە دوڵەتە سەرەکیەکان لە ناردنە دەرەوەی بەرووبوومی ئاژەڵی:

A) نیوزیلاندا B) میسر C) مەکسیك D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

4. لە ویلایەتەکانی خۆرئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەکانی ( مس ) بە تێکەڵی دۆزراوەتەوە لەگەڵ کانزاکانی تر وەك:

A) گۆگرد ونیکل و ئاسن B) مەنگەنیز و تەنگستن و کرۆم

C) نیکل و تەنەکە و زیو D) قورقوشم و مەنگەنیز و زێڕ

5. کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاستە:

A) بەخێوکردنی مانگای گۆشت پێویستی بە ئاو وهەوایەکی پڕ باران و پلەی گەرمی مام ناوەندی هەیە

B) لە شێوازی بەرهەمهێنانی سیپایی ئاژەڵداری پشت بەو ئالیکە دەبەستێت کە لە ناو کێڵگە بەرهەم دەهێنرێت.

C) ڕێگەی گواستنەوە بە هۆیەکی گرنگ دادەنرێت لە دیاریکردنی توانای بەرهەمهێنانی کانزا لە ڕووی جیۆلۆجیەوە.

D) بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ژەنگ و ڕەش بوون لە عێراق لە ساڵی ( 1956 ) بووە هۆی لە ناوچوونی نیوەی بەرهەمی گەنم لە پارێزگای نەینەواو هەرێمی کوردستان.

6. ڕێگەی خۆرئاوا لە گەرووی بابولەندەب دەکەوێتە نێوان کەناری ئەفریقی و کەنارەکانی دورگەی بریم کە درێژیەکەی......... بەگشتی و نزیکەی......... پانە: A) 33,2کم - 41,6 کم B) 18کم - 14,8 کم C) 16کم - 3,2کم D) 16کم - 16,8 کم

7. حەوزی کۆزنتسك بە ناوچەیەکی یەدەگی خەڵوز دەژمێردرێت لە ڕوسیای فیدراڵ، کە گرنگترین کانەکانی:

A) دۆنتزە B) دۆنباسە C) کزباسە D) ئەکسی لاشا پیلە

8. چاندنی گە نمەشامی لە شێوازی کشتوکاڵی جێگۆڕکێ لەم کیشورە بڵاوە:

A) ئەمریکای لاتینی B) ئەمریکای باکور C) ئەفریقا D) ئاسیا

9. ئۆکرانیا لەو وڵاتانە دەژمێردرێت کە هەڵدەستێت بە :

A) بەرهەمهێنانی فافۆن B) ناردنی بۆکسایت بۆ دەرەوە

C) هێنانی بۆکسایت لە دەرەوە D) ( A وB ) ڕاستن

10. لە ساڵی 1929 بەشداری نەوت بە ڕێژەی .................. لە سەرجەمی وەزی بەکاربراوی جیهان تێنەدە پەڕی:

A) ٪15 B) ٪16 C) ٪17 D) ٪18

11. کەنارەکانی باکووری گەروی هورمز بە درێژایی ( 96کم ) بە شێك لە خۆرهەڵاتی دورگەی..............دەگرێتەوە:

A) هنگام B) سەری مسندم C) قشم D) لارك

12. کشتوکاڵکردنی بەرووبوومی گە نمەشامی باشتر دەبێت ئەگەر نزمترین ڕادەی گەرمی لە نێوان................ پلەی سەدی دا بێت:

A) ( 15-0 ) B) ( 15-5 ) C) ( 20-5 ) D) ( 18-5 )

13. گەورەترین پاڵاوتگەکانی نەوت لە ئاسیا لە بەندەرەکانی ...................... دایە:
A) ژاپۆن و سەنگافورا  B) ژاپۆن و چین  C) چین و تایوان  D) سەنگافورا و چین

14. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە (2) ئاماژەیە بۆ:
A) نۆکەندی کیل  B) گەرووی بابولمەندەب  C) نۆکەندی پەنەما  D) گەرووی هورمز

15. لە کاتی پوختەکردنی ئاسن،ئەو ئاسنەی کە لە بنی کورەکە دەنیشێت و لە کونەکانی ژێر بنکەکەیدا وەردەگیرێت وپێ دەوترێت:
A) گڵ ئاسن  B) ئاسنی گونجاو  C) پۆڵا  D) ئاسنی موگناتیسی

16. کانەکانی (مس) لە زامبیا سەرەڕای نزیکی لە رووی زەوییەوە ڕێژەیەکی بەرزی کانزای تێدایە کە دەگاتە نزیکەی:
A) ٪5,4  B) ٪4,5  C) ٪4,4  D) ٪6,5

17. مەبەست لە فراوانکردنی ئاسۆیی زەوی کشتوکاڵی بریتییە لە:
A) داچاندنی زەوییەکان  B) چاککردنی خاسیەتی خاک  C) بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی  D) (A و B) ڕاستن

18. گرنگترین کانە نەوتەکانی ئێران دەکەونە ناوچەی ئەهواز،وەکو کانی:
A) ئەرتاوی  B) بەزرکان  C) لالی  D) مریان

19. بەهۆی گەشەکردنی ئابووری چین بەردەوام لە پەرەسەندن دایە و نیوەی بازرگانی نەوتی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت:
A) گەروی مەلەقا  B) نۆکەندی سوێس  C) گەروی هورمز  D) گەروی بابولمەندەب

20. خەڵوزی بتیومین بەوە دەناسرێتەوە کە: A) دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جیۆلۆجی سێیەم  B) ڕەقەو گەشەو بە چاکی دەسوتێت
C) ڕێژەی کاربۆنی لە نێوان (60-70)٪دایە  D) کەرەستەی خاوە بۆ دروستکردنی خەڵوزی کوک

21. گۆگرد نزیکەی .............. توێکڵی زەوی و .............. ی بەرگی ئاوی زەوی پێکدەهێنێ:
A) (1٪ و 0,05 ٪)  B) (2 ٪ و 0,06٪)  C) (1٪ و 0,06٪)  D) (2٪ و 0,05٪)

22. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە (3) ئاماژەیە بۆ:
A) دەریای کاریبی  B) دەریای قەزوین  C) دەریای باکوور  D) دەریای ناوەڕاست

23. ئوسترالیا هێزی ئاوی تێدا زۆر کەمە تەنها لە ناچەی.................. کۆبۆتەوە:
A) باشوری خۆرهەڵات  B) باکوری خۆر ئاوا  C) باشوری خۆر ئاوا  D) باکوری خۆرهەڵات

24. لە جەنگەڵە یەکسانەکانی حەوزی ئەمەزۆن چەند کۆمەڵێك لە ..................ی لێ دەژین:
A) سیمانکەکان  B) هیندییە سوورەکان  C) کورتە باڵاکان  D) بۆشمەنەکان

25. لەو بنچینانەن کە لە کانزاکاریدا پشتیان پێ دەبەسترێت:
A) تەمەنی بەردو مێژووە جیۆلۆجیەکەی  B) ئاو وهەوا
C) نرخی ئابووری کانزا خاوەکان  D) دووری ماددە خاوەکە لە رووی زەوییەوە

26. لەنێو وڵاتانی عەرەب بە پلەی یەکەم دێت لە بەرهەمهێنانی فۆسفات:
A) مەغریب  B) عێراق  C) تونس  D) ئوردن

27. کارگەکانی گوشینی شەکر دەبێ لە کێڵگەکانەوە نزیك بێت،چونکە شەکر ڕێژەیەکی کەم پێکدەهێنێ لە کێشی ماددە سەرەتاییەکان کە لە نێوان............ دایە:  A) (4-10٪)  B) (14-20 ٪)  C) (24-30٪)  D) (34-40 ٪)

28. شێوازەکانی کشتوکاڵی بژێوی لەم خاسیەتانەدا هاوبەشن:
A) شارەزایی بە پێی شوێن نییە  B) تەکنیك لەسەر بنەڕەتێکە کە بە مەکینەیە
C) هەمەچەشنی ئابووری زۆرە  D) سەرمایەی زۆری تێدا بەکار دەهێنرێت

29. چەند یەکەیەکی زیندوو و ڕواڵەتی کشتوکاڵ و پەیوەندی هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە لەیەك دەچن:

A) ئاراستەکردنی کشتوکاڵ B) خاسیەتەکانی بەرهەمهێنان C) خولی کشتوکاڵ D) شێوازی کشتوکاڵ

30. بە یەکێك لە شێوەکانی وزە دادەنرێت زیاتر لەوەی کە سەرچاوەیەکی وزە بێت:

A) گازی سروشتی B) وزەی ئەتۆمی C) هێزی کارەبا D) وزەی خۆر

31. تەماشای نەخشەکە بکە ژمارە (4) ئاماژەیە بۆ ڕووباری:

A) ئەمەزۆن B) سانت لۆرەنس C) مسیسپی D) مەکەنزی

32. وزەی بەرهەمداریەکەی دەگاتە (750هەزار) تەن، دەرهێنراوەکانی بەکاربردنی ناوخۆ پڕ دەکاتەوە بەشێکیشی دەنێردرێت بۆ سوریا:

A) پاڵاوتگەی حەدیسە B) پاڵاوتگەی موسل C) پاڵاوتگەی قەیارە D) پاڵاوتگەی کەسك

33. تا کەنارە کیشوەرەکان بەرفراوانتر بن ناوچەی ڕاوە ماسیش لە جیهاندا زیاتر دەبێت وەك لە:

A) باکووری خۆرئاوای زەریای ئەتڵەسی B) باکووری خۆرئاوای زەریای هێمن
C) باکووری خۆرهەڵاتی زەریای هێمن D) ئەمریکای باشوور و ئوسترالیا

34. ئەم جۆرەی خاوەکانی ئاسن لە ناوچە نوێیەکانی جیهان بلاون، بۆ دەرهێنانی ترشی گۆگردیك بەکاردێت:

A) هیماتایت B) سیدرایت C) لیمۆنایت D) پایرایت

35. زۆرتر لە نیوەی بەرهەمی کیشوەری ئەمریکای باشوور لە خوری دێنێتە بەرهەم:

A) بەرازیل B) نیوزلەندا C) ئەرجەنتین D) ڤەنزویلا

36. بە پێی خەملاندنەکان ئەم ناوچەیە (38٪) ی ناردەنی نەوتی جیهانی هەیە نیوەی ئەم ڕێژەیە بۆ ژاپۆن و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئوسترالیا دەچێت:

A) باکووری ئەمریکای باشوور و دەریای کاریبی B) وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا
C) وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست D) ئەفریقیا بە میسر و لیبیا و جەزائیر

37. زۆربەی بەرهەمی گۆگردی ڕوسیای فیدراڵ لە ناوچەکانی.................... دایە:

A) ماگنیتۆکۆرسك B) باکووری دورگەی سەخالین C) باشووری خۆرئاوای مۆسکۆ D) چیاکانی ئۆراڵ

38. نەوت وخەڵووز لەو ناوچانە پەیدابوون کە پێکهاتوون لە:

A) بەردی ئاگرین B) بەردی نیشتوو C) بەردی گۆڕاو D) بەردی گۆڕاو و ئاگرین

39. پیشەی کشتوکاڵی سەرەتایی لە کیشوەری ئاسیا دەکەوێتە هەندێ ناوچەکانی ناووەوە لە:

A) میا نمار و مالیزیا B) لاوس و چین C) ڤێتنام و کەمبۆدیا D) هندستان و ئەندەنوسیا

40. لەخاسیەتەکانی پیشەسازی پترۆکیمیاوییەکانە:

A) وزەی بەرهەمداری کەمە B) ژمارەیەکی کەم کرێکاری دەوێت بەڵام لە ئاستێکی هونەری بەرز
C) پێویستی بەبازاڕی فراوان نییە بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی D) (A و C) ڕاستن

41. لەم شێوازی کشتوکاڵییەدا مەترسی هاتنە خوارەوەی نرخ هەیە بەهۆی ڕکابەری بازاڕ:

A) کشتوکاڵی بژێوی چڕ B) کشتوکاڵی بازرگانیی ڕێکخراو C) کشتوکاڵی تێکەڵ D) کشتوکاڵی فراوانی دانەوێڵە

42. لەبەر زۆری خواست لەسەر گازی سروشتی لە (ساڵی 1996) بەرهەمەکەی گەیشتە زیاتر لە:

A) (1,5 ملیار) م$^3$ B) (2ملیار) م$^3$ C) (2,5 ملیار) م$^3$ D) (3ملیار) م$^3$

43. کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە هەڵەیە :

A) کشتوکاڵی دانەوێڵە بە شێوەی خولی کشتوکاڵی و ئاژەڵ لەوەڕاندن پشتێنەی ( 3-6 ) ن لە بیردۆزی فۆن تۆنن.

B) خەڵوزی لەگنایت بۆ دەرهێنانی کارەبا لەو شوێنانەی تیایاندایە دەردەهێنرێت وکەرەستەیەکی خاوە بۆ پیشەسازی کیمیاگەری.

C) زەوی کشتوکاڵی تێکەڵ نیشانەی هاتنی سەرەتای داگیرکەرە لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان.

D) گەورەترین کەڵەکەبوونی گۆگردی گڕکانی لە چیای ئەندێز کۆبۆتەوە.

44. تەماشای نەخشەکە بکە ژمارە ( 5 ) ئاماژەیە بۆ وڵاتی:

A) پیرۆ B) کۆلۆمبیا C) ڤەنزوێلا D) مەکسیک

45. لە دارستانە خولگەییەکان درەختی..................لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیادا هەیە :

A) قەستەل B) ماهۆکنی C) ساجی گەورەو پتەو D) ئورزی یەکسانی

46. لەم شێوازی کشتوکاڵییە یەك شێوە بەرووبووم بەرهەم دەهێنرێت لەگەڵ بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری کرێکار:

A) تێکەڵ B) بازرگانی ڕێکخراو C) بەرهەمهێنانی سپیایی D) کشتوکاڵی دەریای ناوەڕاست

47. پۆتاسیۆم و مایکا لە کانزا :

A) نافلزی و خۆییەکانە B) فلزە نا ئاسنینەکانە C) خاوەکانی ئاسنە D) فلزە دارشتەکانە

48. پیشەسازی ئارەستەکراو بەرەو ڕێگەی گواستنەوە و هاتووچۆ وەك ( پیشەسازی کەشتی ) پیشەسازییە لەسەر بنەڕەتی :

A) قەبارەی سەرمایەو جۆری بەرهەمهێنان B) سەرچاوەی کەرەستەی سەرەتایی

C) سروشتی بەرهەمداری D) ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر جێگیربوونی

49. ئەو ناوچانەی کە دەروانە سەر کەنداوی مەکسیك لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کشتوکاڵی لۆکەی تێدا ناکرێت بە هۆی:

A) نزمی پلەی گەرما B) کەمی سەرمایە C) شێ و گەرمای زۆر D) نەبوونی کرێکاری زۆر

50. نزیکەی ( 10٪ ) ی زێڕی جیهان و پلاتین بەم ڕێگەیە دەردەهێنرێت:

A) بیری قووڵ B) پوختەکردن لە پێکهاتووە نیشتووەکان C) لەکانە کراوەکان D) تونێل

